KCCRC

Terrorism & Security Studies TSS



# هێزی سنورداری ڕابردوو: بڕیارەکەی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بۆش بۆ هێرش نەکردنە سەر ئەنسارولئیسلام

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٥٠

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Terrorism & Security Studies TSS

# هێزی سنورداری ڕابردوو:
# بڕیارەکەی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بۆش
# بۆ هێرش نەکردنە سەر ئەنسارولئیسلام

مایکا زنکو

وەرگێڕانی: بێستون حوسێن عارف

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٥٠

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

# ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com
kurdistan.kccrc@gmail.com
facebook.com/kurdistanccrc
053 - 318 2929
عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار
@KCCRC1

نیسانی ٢٠١٩

# هێزی سنورداری ڕابردوو: بڕیارەکەی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بۆش بۆ هێرش نەکردنە سەر ئەنسارولئیسلام

مایکا زنکو

## پێشەکی

لە دوای هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١، جۆرج دەبلیو بۆش سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی ڕاگەیاند کە جەختی لەسەر دوو گریمانەی سەرەکی دەکردەوە: یەکەم، ویلایەتە یەکگرتووەکان بەگژ هەموو ئەو نەتەوە و دەوڵەتانەدا دەچێتەوە کە یارمەتی گروپە تیرۆریستییەکان دەدەن و وڵاتەکانیان بووەتە لانکەیەکی ئارام بۆ ئەو گروپانە. دووەم، ڕێگەگرتن لە گروپە تیرۆریستییەکان کە ببن بە خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژ کە دەکرێت ئەوان بەکاری بهێنن یان هەڕەشەی بەکارهێنانی بکەن لە دژی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی. بیرۆکەی سەرەکی لە پشت ئەم تێڕوانینەوە ئەوە بوو کە بۆش پێی وابوو بەبێ پشتگیری دەوڵەتان لە تیرۆر ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیانە کەمتر چالاکن لە ڕاکێشانی ئەندام بۆ ڕیزەکانیان و کەمتر دەتوانن پلانی ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی گەورە دابنێن، یاخود ئەو گروپانە بۆنموونە ئەلقاعیدە ئیلزام بکەن بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی، ئەمەش وادەردەکەوێت کە ئەوان دەیانویست چەکی کومەڵکوژ بە دەست بهێنن، بۆیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی گروپە تیرۆریستییەکان کە تاکتیکی خۆکوژی بەکار دەهێنن، ستراتیجی درێژخایەنی ئیحتیواکردن یان بەرپەچدانەوەی کاریگەری نابێت و ناتوانرێت پەنای بۆ ببرێت لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە. سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئیدارەکەی بۆش هێرشی سەربازی پێشوەختی وەک کارێکی یاسایی بەکارهێنا بۆ هێرشکردنە سەر دەوڵەتانی پاڵپشتیکاری تیرۆریزم و وەستاندنی هەڕەشەی چەکی کۆمەڵ کوژ پێش ئەوەی بەتەواوی بەدەستی بهێنن.

شەش مانگ دوای داڕشتنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەلێکی بێوێنە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان هاتە پێش بۆ بەکارهێنانی هێرشی لەناکاو لەدژی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، کە لەو وڵاتانەدا چالاکیان ئەنجامدەدا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە دەوڵەتی پاڵپشتکاری تیرۆریست وەسفی کردبوون، هەروەها دەوترا کە چەکی کۆمەڵکوژ بەرهەم دەهێنن بۆ بەکارهێنان لە دژی ئەمەریکا یان هاوپەیمانەکانی لە ئەورووپای ڕۆژئاوا.

لە شاخەکانی کوردستانی عێراق، ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بە ناوی ئەنسارولئیسلام کە مەشق و ڕاهێنانیان دەکرد لە کەمپێک لە نزیک خورماڵ و دەوترا ئەم گروپە گازی کۆمەڵکوژ بەرهەم دەهێنن بۆ ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی لەلایەن شانە پاشکۆکانیان لە بەریتانیا، ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیتالیا.

سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی ئاسمانی و زەمینیان دارشت بوو کە پێشبینی دەکرا هێرش بکرێتە سەر بارەگاکانی ئەنسارولئیسلام لە ٤ تەموزی ٢٠٠٢. ئەو پلانی هێرشە بە تێکڕای دەنگ پشتگیری لێکرا لەلایەن دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپای ئەمەریکا و دواتر پلانەکەیان خستە بەردەم کۆشکی سپی. بە پێی وتەکانی جەنراڵ رینشارد مایرز، فەرماندەی دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپای ئەمەریکا، پلانە پێشنیارکراوەکە بۆ لەناوبردنی کەمپی

خورماڵ ڕەنگە ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و قورسی ببێتەوە، بەڵام قابیلی جێبەجێکردنە. هەروەک جەنراڵ جون کین، نوێنەری سوپای ئەمەریکا لە دەستەی ئەرکانی هاوبەش ئاماژەی بەوە کرد کە پلانە پێشنیارکراوەکە لە ڕووی سەربازییەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت جێبەجێبکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ئەوەی دەوترا ئەنسارولئیسلام هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمەریکا و بوونی هەڵبژاردەی متمانە پێکراو بۆ بەکارهێنانی هێرشی لەناکاو بۆ لە ناوبردنیان لەبەردەستدا بوو، بەڵام سەرۆک بۆش بڕیاریدا هێرشی سەربازی سنوردار بەکار نەهێنێت لەدژی ئەنسارولئیسلام.

> **بزووتنەوە ئوسوڵییە ئیسلامییەکان وەك هێزێکی سیاسی میانڕەو لە باکوری عێراق لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠کان دەرکەوتن**

**ئەم بابەتە دابەشکراوە بەسەر چەند بەشێکدا بەم شێوەیەی خوارەوە:**

یەکەم: باس لە نەخشەی دەرکەوتنی ئیسلامییە توندڕەوەکان لە کوردستانی عێراق دەکات لە ناویشیاندا دروستبوونی ئەنسارولئیسلام و پەیوەندی ئەم گروپە بە تیرۆریستی ناودار ئەبو موسعەب زەرقاوی.

دووەم: لێکدانەوەی گفتوگۆی نێوان بەرپرسە باڵاکانی ئەمەریکا سەبارەت مەترسییەکانی ئەنسارولئیسلام و ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە چی بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەنسارولئیسلام.

سێیەم: ڕوونکردنەوەی دوو بڕاردەی سەربازی بۆ لێدانی کەمپی مەشقی ئەنسارولئیسلام لە نزیک شارۆچکەی خورماڵ کە لەلایەن سوپاوە داڕێژرا بوو، یەکێک لەو بژاردانە بە کۆی دەنگ پەسەند کرابوو لەلایەن دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپای ئەمەریکاوە.

چوارەم: پێشکەشکردن و هەڵسەنگاندن بۆ چوار ڕوونکردنەوەی گونجاو کە بۆچی سەرۆک بۆش لە کۆتاییدا لە دژی جێبەجێکردنی ئەو پلانانە بڕیاریدا، لێکدانەوەکان ئەمانە لەخۆدەگرێت: یەکەم، مەترسییەکە ئەوەندە زۆر نەبوو. دووەم، زانیاری هەواڵگری تەواو نەبوو بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکە. سێیەم، لە کاتی شکستدا باجی سیاسی زۆر قورس دەبێت. چوارەم، ئامانجی سەرەکی گۆڕینی ڕژێمی عێراق ڕەنگە کێشەی بۆ دروست بێت.

پێنجەم: گفتوگۆی دەرەنجام و بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات لە حاڵەتی دەست لێنەدانی ئەنسارولئیسلام و زەرقاوی.

### دەرکەوتنی ئەنسارولئیسلام

بزووتنەوە ئوسوڵییە ئیسلامییەکان وەک هێزێکی سیاسی میانڕەو لە باکوری عێراق لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠کان دەرکەوتن . ئەم بزووتنەوانە کاریگەربوون بە شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ١٩٧٩ و ئیخوان موسلیمن، و گەڕانەوەی چەکداری توندڕەو کە شانبەشانی چەکدارە ئیسلامییەکان شەڕیان کردبوو لە ئەفغانستان لە دژی سوپای سۆڤێت. لە یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراتی کوردستان بۆ پەرلەمانی نیشتمانی لە ١٩٩٢، کاریگەری ئەم بزووتنەوە ئیسلامیانە زیاتر دەرکەوت. سەرەکیترین پارتی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراق ٦٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

لە ماوەی سەرەتای ١٩٩٠کان داهاتێکی زۆر دەهاتە کوردستانەوە لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە و لە هەمان کاتدا پاراستنی سەربازی ئەمەریکییەکان بووە

هۆی دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین لە باکوری عێراق بە درێژایی هێڵی ٣٦ کە هێزەکانی ئاسایشی عێراق بۆیان نەبوو ئەو ناوچەیە ببەزێنن. لەماوەیەکی کورتدا، کوردەکان سیستمی دادوەریان دامەزراند و هێزی ئاسایشی ناوخۆیان دروستکرد و چەندین قوتابخانە و نەخۆشخانەیان بنیاتنا و پەرلەمانێکی هەڵبژێراویان لە پایتەختی کوردستان خستە سەرپێ. بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان ئەم پێشکەوتن و ناوچە ئارامەی بەکارهێنا بۆ فراوانکردنی پێگەی خۆی و هێنانە ڕیزی ئەو گەنجانەی کە فریودرابوون بە ئارمایی خراپی عەلمانی و هەژموونی ڕۆژئاوا لە کوردستان. لە ماوەی نێوان ١٩٩٤ بۆ ١٩٩٦، هاوپەیمانی کاتی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆتایی هات بە هۆی ناکۆکی لەسەر شێوازی دابەشکردنی داهاتی کوردستان. دوای شەڕێکی خوێناوی ناوخۆیی و برا کوژی گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە تیایدا کوردستان دابەشبوو بەسەر دوو ئیدارەدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنترۆڵی ناوچەی هەولێری کرد کە هاوسنورە لە گەڵ تورکیا، لە کاتێکدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆنترۆڵی ناوچەی سلێمانی کرد کە هاوسنورە لە گەڵ ئێران. ساڵی ١٩٩٧ لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی دیبلۆماسییەوە بە ناوبژیوانی ئێران بزوتنەوەی ئیسلامی توانی خۆی جێگیر بکات لە ناوچەی سەرسنوری ئێران و کوردستان، کە نزیکەی ١٦ گوندی کوردستانیان لە ناوچە شاخاوییەکان لە ژێر دەسندا بوو، گەورەترینیان خورماڵ بوو.

دە ڕۆژ پێش ئەوەی هێرشەکانی ١١ سێپتەمبەر ئەنجامبدرێن، گروپێک جیابوونەوەی خۆیان لە بزووتنەوەی (یەکبوونی) ئیسلامی ڕاگەیاند و لە گەڵ گروپە ئیسلامییە کوردییەکانی تر خۆیان ڕێکخستەوە بە ناوی ئەنسارولئیسلام. ئەنسارولئیسلام فەتوایەکی دەرکرد کە تیایدا جەنگی ڕاگەیاند لە دژی هەردوو پارتە عەلمانییەکەی کوردستان و پێشوازیان لە هەموو ئەو جیهادیانە دەکرد کە دەیان ویست بێنە ڕیزەکانیانەوە بۆ جەنگ کردن. ئەم گروپە لەلایەن ئوسامە بن لادن و سعودیەی عەرەبییەوە پشتگیری دارایی دەکرا و هەندێک یارمەتی سەربازیان لە ئێرانەوە پێدەگەیشت، گروپی ئەنسار هەمان شێوازی فەرمانڕەوایی کۆمەڵایەتی تالیبانی جێبەجێدەکرد لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان: خواردنەوە و جگەرەکێشان و سەتەلایت زۆر بە توندی قەدەغە کرابوو، ڕێگەی بە ئافرەت نەدەدا بخوێنێت یان کاربکات لە دەرەوە، دەبوایە پیاوان پێنج جار لە ڕۆژێکدا نوێژ لە مزگەوتی گوندەکان بکەن. هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە کە پابەندی بڕیارەکانی ئەنسار نەدەبوون دەترسێنران و ناچار بە هەڵهاتن دەکران یان ئازار دەدران. هەندێک لە چەکدارە کوردەکان و ژمارەیەکی کەمی عەرەبەکان ڕاهێنان و مەشقیان پێدەکرا لەسەر تاکتیکی بچوکی سەربازی و تەقاندنەوە و بۆمبی خۆکوژی و تیرۆرکردن. پێکدادانی سەربازی نێوان ئەنسار و پارتە کوردییەکان بە ڤیدیۆ تۆمار دەکرا و لەسەر وێبسایتی ئەنسارولئیسلام دادەنرا، یان گشتاندنی بۆ دەکرا لە ناو جیهانی ئیسلامیدا بە مەبەستی ڕاکێشانی چەکدار بۆ ڕیزەکانیان. بە پێی خەمڵاندنەکان ژمارەی چەکدارەکانی ئەنسار ٦٠٠ بۆ ١٠٠٠ چەکدار دەبوون، هەروەها دەکرا زیاد بکرێن بۆ ٤٠٠٠ لە ناو دانیشتوانی ناوچەکە. ئەوان ڕێکخراوێکی تیرۆریستی توندڕەو بوون و بەتەواوی ئیحتیوا کرابوون بەڵام نەبەزێنرابوون، لە ناوچەکە دەورە درابوون بە نزیکەی ١٠ هەزار چەکداری یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

لە کاتێکدا بوونی بزووتنەوە ئوسوڵییە چەکدارە ئیسلامییەکان لە کوردستان سەرچاوەی نیگەرانی بەرپرسەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو، بەڵام هەڕەشە نەبوون بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان تا ئەو کاتەی ئەوان بە فەرمی خۆیان یەکخست لەگەڵ ئەندامەکانی ئەلقاعیدە و هەڵهاتنی هاوبەشەکانیان لە ئەفغانستان لە دوای ڕووخانی تالیبان. یەکێک لە دیارترین ئەوانەی کە هەڵهاتن ئەبو موسعەب زەرقاوی بوو، کە تیرۆریستێکی ئوردنی بوو، سەرپەرشتی چەندین هێرشی نهێنی کرد لە عێراق لە ماوەی نێوان تەموزی ٢٠٠٣ و

حوزیرانی ٢٠٠٦، کاتێک ئەو لەلایەن هێرشێکی ئاسمانی ئەمەریکیەکانەوە کوژرا. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ئۆکتۆبەری ساڵی دواتر، زەرقاوی ئیدارەی ڕاهێنان و مەشقی تیرۆریستەکانی دەکرد لە کەمپی ئەل مەتار لە ڕۆژئاوای ئەفغانستان، کە نزیکەی ٢٠٠٠ چەکدار و خێزانەکانیانی لەخۆ دەگرت. گروپەکەی زەرقاوی بەناوی جوند ئەلسەلام خۆیان تەرخان کردبوو بۆ ڕووخاندنی شانشینی ئوردن. لە دیسەمبەری ٢٠٠١، زەرقاوی و سێ سەد کەس لە چەکدارەکانی ناوچەی ئارامی ئەفغانستانیان بەجێهێشت بۆ باکوری ئێران. بەدرێژایی ١٤ مانگی دواتر، زەرقاوی سەردانی باشوری لوبنان و سوریا و باکوری عێراقی کرد بۆ ئەوەی تۆڕە

> **ساڵی ١٩٩٧ لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی دیبلۆماسییەوە بە ناوبژیوانی ئێران بزوتنەوەی ئیسلامی توانی خۆی جێگیر بکات لە ناوچەی سەرسنوری ئێران و کوردستان**

تیرۆریستییەکەی فراوان بکات. لە ئازاری ٢٠٠٢، لەسەر داوای زەرقاوی خۆی یان سوربوونی تاران، زەرقاوی و شوێنکەوتەکانی تارانیان بەجێهێشت بۆ ئەوەی ڕاهێنان بە ئەنسار بکەن لە کوردستانی عێراق.

گەیشتنی زەرقاوی و شوێنکەوتەکانی کاریگەری لەسەر توانا و کاراکتەری ئەنسارولئیسلام هەبوو بە دوو شێوە: یەکەم، هەروەک بەرپرسێکی هێزە تایبەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە دواتر لێکۆڵینەوەی لە خورماڵ کرد - ئاماژەی بە گواستنەوەی مەنهەجی ئەلقاعیدە کردووە کە گەشەی پێدرابوو لە کەمپی ڕاهێنانی ئەفغانستان. دووەم، ئەوە هانی ئەنساری دا بۆئەوەی تاکتیکی خوێناوی بگرێتە بەر لە دژی هاوڵاتیانی مەدەنی کوردی بێ تاوان و سەرکردە سیاسییە عەلمانییەکان.

**گفتوگۆی بەرپرسانی مەدەنی ئەمەریکا لەسەر عێراق**

لە ماوەی دە ڕۆژی یەکەمی سەرۆکایەتی، جۆرج دەبلیو بۆش سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە گەڵ بەرپرسە باڵاکانی ئەنجومی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی ئەنجامدا، تاکە بابەتی باسکراو لەو کۆبوونەوەیە «سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» بوو. هەموو بەرپرسە باڵاکان هاوڕابوون لەوەی کە ڕژێمی سەدام حسێن سەرچاوەی ناسەقامگیری ناوچەکەیە و زۆر پێدەچێت چەکی کۆمەڵکوژ و مووشەکی بالیستی بەرهەم بهێنێت. سەرۆک بۆش سەرکردەکانی وەزارەتی دەرەوە و دەزگای هەواڵگری (سی ئای ئەی) ڕاسپارد بۆ پێداچوونەوە بە میتۆدی سەربازی و دیبلۆماتی ئەمەریکا لەبەرامبەر عێراق.

لە ١١ سێپتەمبەردا، سیاسەتی پێداچوونەوەی بۆش بەرامبەر عێراق بە تەواونەکراوی مایەوە. چەند مانگێک دواتر پێداچوونەوەکە دەستپێکردەوە بە بوونی زنجیرەیەک زانیاری نافەرمی هەواڵگری. کۆبوونەوەکان سەرکردایەتی دەکرا لەلایەن جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ستیڤن هادلی، هەروەها ئەو بەرپرسە دیارانەشی لە خۆ گرتبوو کە بەشێوەیەکی فراوان بەشداریان کردبوو لە پلانی هێرشکردنە سەر عێراق: لەوانەش جێگری وەزیر بەرگری پول وولفویتز، وەکیلی وەزارەتی بەرگری بۆ دارشتنی سیاسی دوگلاس فیس، جێگری وەزیری دەرەوە ریتشارد ارمیتاج، وەکیلی وەزارەتی دەرەوە بۆ پرسە سیاسییەکان کارک گروسمان جێگری سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەش جەنراڵ پیتەر بیس، جێگری سەرۆکی دەزگای هەواڵگری (سی ئای ئەی)

جۆن ماکلولین، شارەزایانی هەرێمی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی زاڵمای خەلیلزاد، سکوتر لیبی یان جون هانا لە نوسینگەی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا. ئەم بەرپرسانەی سیاسەتی دەرەوە کە پلەی دووەمی یان سێیەمیان هەبوو ڕایانگەیاند لەسەر ئەوەی کە سیاسەتی ئیحتیواکردن شکستی هێناوە، پێویستە سەدام حسێن لە دەسەڵات لاببرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بڕیاری داگیرکردنی عێراق نەدرابوو لە سەرەتاکانی ٢٠٠٢، جێگرەکانی کاروباری سیاسەتی دەرەوە هەموو ئەو پێداویستیانەیان لە بەرچاو گرتبوو کە پێویستە سەرۆکی ئەمەریکا بڕیاری لەسەر بدات بۆ گۆڕانکاری ڕژێمی عێراق، لە هەڵبژاردنی هەیکەلی حکومەتی دوای سەدام، نوێکردنەوەی تۆڕی کارەبای کۆنی عێراق، پەرەپێدان و دابەشکردنی دراوی نوێ. هەروەها بەرپرسەکان چەند پلانێکیان گفتوگۆ کرد بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعس، لە ناویشیاندا دامەزراندنی ناوچەیەکی سەربەخۆ لە باشوری عێراق، چەکدار کردنی گروپە دوورخراوەکانی عێراق، وروژاندنی کودەتای سەربازی لە ناو سوپای عێراق و بەکارهێنانی تاک لایەنەی هێزی سەربازی ئەمەریکی. لەماوەی بەردەوامی گفتوگۆی نێوان نوێنەرەکانی سیاسەتی دەرەوە، لە سەرەتای بەهاری ٢٠٠٢، پەیامنێری گۆڤاری نیۆرکەر جیفری گولدبێرگ سەردانی کوردستانی عێراقی کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیانی قوربانییەکانی کورد لە پرۆسەی ئەنفالی سەدامدا لە ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ بۆ جینۆسایدکردنی کورد لە ڕێگەی بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لە دژی هاولاتیانی مەدەنی بەلایەنی کەمەوە لە ٦٠ گوندی کوردستان. لە ماوەی چاوپێکەوتنەکانیدا، گولدبێرگ سەردانی بەندیخانەیەکی کرد لە سلێمانی کە لەلایەن دەزگای هەواڵگری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەڕێوە دەبرا. سێ لە زیندانییەکان بەڵگەی بوونی پەیوەندی نێوان ڕژێمی عێراق و ئەلقاعیدەیان پێشکەش کرد: یەکەم زیندانی قاسم حسێن محمد بوو کە بەرپرسێکی هەواڵگری عێراق بوو، یەکێکی تریان حەقی ئیسماعیل بوو کە عەرەبێکی عێراقییە و لەلایەن دیلە کوردەکانەوە ئیعترافی لەسەرکرابوو بە بوونی پەیوەندی بە دەزگای هەواڵگری عێراق و دانی بەوەدا نابوو کە کاری کردووە لە وەزارەتی دەرەوەی تاڵیبان، ئەوی تریان محەمەد مەنسور شەهاب بوو کە ئێرانییەکی عەرەبە، دەوترا کە کاری بەقاچاخبردنی تەقەمەنی و چەکی بچوک و مادەی قەدەغەکراوی کردووە لە نێوان هەواڵگری عێراق و ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان.

دەرەنجامی ئەم چاوپێکەوتنانە دەکرێت ئەوەی لێ بخوێنرێتەوە کە ئەنسارولئیسلام پارمەتی دارایی بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە ئەلقاعیدە وەرگرتووە، هەروەها دەزگا هەواڵگرییەکانی سەدام حسێن بە هاوبەشی لەگەڵ بریکارەکانی ئەلقاعیدە کۆنترۆڵیان هەبووە بەسەر ئەنسارولئیسلام، سەدام حسێن لە ساڵی ١٩٩٢ پێشوازیکرد لە سەرکردە دیارەکانی ئەلقاعیدە. ژمارەیەک لە ئەندامەکانی ئەلقاعیدە ئەفغانستانیان جێهێشت و بە نهێنی هێنران بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی ئەنسارولئیسلام، هەروەها کارمەندانی دەزگای هەواڵگری عێراق هەستان بە بەقاچاخبردنی چەکی تەقلیدی و تەنانەت ڕەنگە چەکی کیمیایی و بایەلۆجی بۆ ئەفغانستان.

**بوونی بزووتنەوە ئوسوڵییە چەکدارە ئیسلامییەکان لە کوردستان سەرچاوەی نیگەرانی بەرپرسەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو**

بابەتەکەی ڕۆژنامەنوس گولدبێرگ کە لە کوردستان ئامادەیکردبوو بە ناونیشانی «تیرۆریی گەورە» کاریگەری لەسەر وروژاندنی گفتوگۆکان هەبوو دەربارەی ئەوەی ئایا ڕووبەڕووی عێراق ببنەوە یان نا. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە سەدام حسێن دالدەی ئەندامەکانی ئەلقاعیدەی داوە کە لە ئەفغانستان دەرکراون و دەزگا هەواڵگرییەکانی عێراق هاریکار بووبن لەگەڵ ئەلقاعیدە لە بەرهەم هێنانی چەکی کۆمەڵ کوژ، کەواتە عێراق بەرووبی گەیشتووە بە خاڵی بەکارهێنانی هێزی ڕێگر (ویقائی) وەک ئەوەی سەرۆک بۆش ئاماژەی پێکردووە لە دوای ١١ سێپتەمبەرەوە.

بابەتەکەی گولدبێرگ بووە هۆی دروستبوونی گفتوگۆی نێوخۆیی نێوان دەزگا هەواڵگرییەکان لەسەر ئەگەری بوونی پەیوەندی لە نێوان ئەلقاعیدە و عێراق. ئەمە بووە بابەتێکی سەرنجڕاکێش بۆ دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا و دواجار لە ئەمووزی ٢٠٠٢ هەشت کەس لە ئەندامانی دەزگای (سی ئای ئەی) لە ڕێگەی تورکیاوە هاتنە کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە مەترسییەکانی ئەنسارولئیسلام. لێکۆڵەرەکانی سی ئای ئەی چاویان کەوت بە زیندانییەکانی سەر بە ئەنسارولئیسلام و سەلماندیان کە سیان لەوان مەشقیان پێکراوە لە کەمپەکانی ئەفغانستان، بەڵام شکستیان هێنا لە دۆزینەوەی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر کە گازی ژەهراوی دروست کرابێت لە خورماڵ.

## ئۆپەراسیۆنی سەربازی و ڕەزامەندی دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپای ئەمەریکا

چەند مانگێک پێش ئەوەی سی ئای ئەی لێکۆڵینەوە لە ئەنسارولئیسلام بکات، پنتاگۆن خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری بوو دەربارەی گروپەکە و دانانی پلان و نەخشەکێشانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ هێرشکردنە سەر خورماڵ. پلانی سەربازی لەسەر ئاستی فەرماندە لۆکاڵییەکان دەستنیشانکرد، کە هەردوو فەرماندەی ناوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکان و فەرماندەی هاوبەشی ئەمەریکی ئەوروپی لەخۆ دەگرت. دواتر پلانە سەربازییەکە نێرا بۆ دەستەی ئەرکانی هاوبەشی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە پێکدێت لە فەرماندەکانی سوپای وشکانی و دەریایی و ئاسمانی و ڕاوێژکارە سەربازییەکانی سەرۆکی وڵات و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و وەزیری بەرگری. ئەم شەش بەرپرسە و ستافەکەیان هەفتەی جارێک یان دووجار کۆدەبنەوە لە شوێنێکی پارێزراو - ژورێکی کۆنفراسی زۆر پارێزراو لە پنتاگۆن کە بەکار دەهێنرێت بۆ کۆبوونەوەی فەرمی. لە ماوەی کۆبوونەوەیەکدا لە ژوورە پارێزراوەکە پێش ٢٧ ئایاری ٢٠٠٢، دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپا یەکەم فایلی هەواڵگریان دەربارەی خورماڵ پێگەیشت. دەستەی ئەرکانی هاوبەش ئاگادار کرابوونەوە لەوەی کە ئەنسارولئیسلام ڕێکخراوێکی جیاوازە لە ئەلقاعیدە و ئامادەکاری دەکات بۆ دروستکردنی گازی ژەهراوی کە دەکرێت بەکاربهێنرێت لە دژی ئامانجەکان لە ئەوروپا یان ویلایەتە یەکگرتووەکان. بەپێی بەرێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکانی دەستەی ئەرکانی هاوبەش، زانیارییەکان بەتەواوی بە پشت بەستن بە زانیاری هەواڵگری باوەڕپێکراو. جەنراڵ جۆن کین جێگری سەرۆک ئەرکانی سوپا گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە بەپێی ئەو زانیارییە هەواڵگریانەی ئەو بینیوێتی لە سەرەتای هاوینی ٢٠٠٢، هیچ گومانێک نەمابوو لەسەر ئەوەی کە ئامانجەکە خورماڵە.

## کەمپی مەشقی ئەنسارولئیسلام لە خورماڵ عێراق

بەرپرسەکانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە سەر ئاستی هەرێمی کە پشتگیری تەواوی دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپایان هەبوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریانکرد لەسەر پلانێکی چڕو پڕ بۆ هێرشکردنە سەر خورماڵ. پلانەکە پشتی دەبەست بە باشترین زانیاری هەواڵگری، و توانای هێرشی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە جێگیر بوون لە ناوچەکە، هەروەها هەستیاری سیاسی ئەو وڵاتانەی کە دەبوایە فڕۆکە سەربازییەکانی لێی هەستێت یاخود بە سەر ئاسمانیاندا بفڕێت. لە کاتێکدا بەردەوام پلانەکە

نوێدەکرایەوە و پوختە دەکرا، بەڵام بەرپرسەکانی ئۆپەراسیۆنەکە دوو بژاردەیان پەرەپێدا بۆ لێدان لە کەمپی مەشقپێکردنی خورماڵ: بەکارهێنانی هێرشی ئاسمانی بە تەنها، یان تێکەڵکردنی هێرشی ئاسمانی و زەمینی بەیەکەوە. سەرەڕای ئەوەی وردەکاری پلانە سەربازییەکە بە نهێنی ماوەتەوە، بژاردەکان کە شرۆڤەکراون لە خوارەوە پشتی بەسنووە بە هەموو زانیارییە بەردەستەکان، گفتوگۆکردن لە گەڵ بەرپرسە سەربازی و مەدەنیە بەئاگاکان لە پلانەکە و تێگەیشتن لە بەکارهێنانی هێزی سنورداری ئەم دواییانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و شرۆڤەکردنی وێرانکردنی کۆتایی خورماڵ لەلایەن هێزە تایبەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هێزە کوردییەکان لە ئازاری ٢٠٠٣، لە دوای ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق.

بەکارهێنانی بژاردەی هێرشی ئاسمانی بەتەنها دەکرا بە دوو شێواز ئەنجامبدرێت. یەکەم هێرشی تۆماهۆک و مووشەکی دەریایی بوو لە بنکە دەرياييەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە لە کەنداوی فارس. لایەنی ئەرێنی بەکارهێنانی مووشەکی دەریایی ئەوەیە کە هەمیشە زۆر بە وردی ئامانجەکان دەپێکێت، ئەمەش وادەکات ببێتە چەکێکی نمونەیی بۆ هێرشکردنە سەر کەمپی ڕاهێنانی ئەنسار لە خورماڵ کە ناوچەیەکی شاخاوییە و سەخت بوو. لایەنی نەرێنی هێرشی مووشەکی دەریایی ئەوەیە کە ناتوانن زۆر بە ناو زەویدا ڕۆچن بۆ وێرانکردنی ژێر زەمینە کۆنکرێتییەکان کە ئەنسار دروستی کردبوو. زیاتر لەوەش دەستەی ئەرکانی هاوبەش پێیوابوو کە تاقیکردنەوەی چەکی کیمیایی ڕوودەدا لە خورماڵ. لەبەرئەوە ئەگەر ئەنسارولئیسلام لە ڕاستیدا چەکی کومەڵکوژی پەرەپێدا بێت و بەقوڵی لە خاکدا شاردبێتیەوە، هێرشی مووشەکی دەریایی ڕەنگە بیناکان بروخێنێت، بەڵام مەترسی ئەوە هەیە کە چەکە کیمیاییەکان وەک خۆی بمێننەوە لە ژێر زەویدا.

مینۆدی دووەمی بەکارهێنانی هێرشی ئاسمانی بە تەنها ئەوەبووە کە بۆمبی تەقلیدی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەکاربهێنرێت.

یەکێک لەلایەنە ئەرێنییەکانی بەردانەوەی بۆمب لەلایەن فڕۆکە جەنگیەکانەوە ئەوەیە کە زیاتر ڕۆدەچێتە قوڵای زەویی و تەقینەوەی زیاتر هەڵدەگرێت وەک لە مووشەکی دەریایی، ئەمەش دڵنیایی زیاتر دەدات لە وێرانکردنی هەر جبەخانەیەکی چەکی کیمیایی لە ژێر زەویدا. کێشەی سەرەکی لەمەدا ئەوە بوو کە خورماڵ کەوتبووە دەرەوەی ناوچەی دژە فڕینی باکور کە چاودێری دەکرا لەلایەن فڕۆکەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا کە لە بنکەی ئاسمانی ئینجەرلیک لە تورکیاوە هەڵدەستان. ئەگەرەکان زۆر دوور بوون لەوەی کە تورکیا ڕێگە بدات لەوەی ئاسمانی وڵاتەکەی یان خاکەکەی بەکار بهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر خورماڵ. هەروەها ڕێگەکانی تر بۆ هێرشی ئاسمانی بۆ سەر خورماڵ پێناچوو گونجاو بێت.

یەکێک لە ڕێگەکان ئەوە بوو کە فڕۆکەکان دەبوایە بفڕن بە درێژایی ٨٠ میل بە ئاراستەی باکور لە ئێرانەوە دواتر بەرەو ڕۆژئاوا بۆ ناو عێراق. لەگەڵ ئەوەی ئێران ڕێگەی بە فڕۆکەوانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دا کە جوڵەی سنوردار بکەن لە ئاسمانی وڵاتەکەی لە ٢٠٠١– ٢٠٠٢ لە دژی تاڵیبان لە ئەفغانستان، گومانی زۆر هەبوو لەوەی کە فڕۆکەکانی ئەمەریکا مافی بەزاندنی ئاسمانی ئێرانیان پێبدرێت بۆ هێرشکردنە سەر خورماڵ، بە تایبەتی کە ئێران پشتگیرکارێکی سادەی ئەنسارولئیسلام بوو. لەبەرئەوە پاکێجی فڕین بەسەر ئێراندا دەبووە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاسمانی یان ئاراستەکردنی مووشەکی دژە فڕۆکە کە ئەمەش ژیانی فڕۆکەوانە ئەمەریکییەکانی دەخستە مەترسییەوە.

ڕێگەی دووەمی جێگرەوە بۆ هێرشەکە دەبووایە فڕینی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمەریکا بوایە بۆ باکور بە عێراقدا لە کەنداوی فارسەوە یان کوەیتەوە. ئەم ڕێگایە پێویستی بە فڕین بوو بە سەر ئەو ناوچانەی کە سیستمی بەرگری ئاسمانی باشی تێدا جێگیر کرابوو لە عێراق لە نێوان باکور و باشوری ناوچەی دژە فڕین.

بژاردەکەی تر کە داڕێژرا بوو برینی بوو لە لێدانی

ئامانجەکە بە تێکەڵکردنی هێرشی ئاسمانی و زەمینی.
ئامانجی ئەم بڕاردەیە ئەوە بوو کە کەمپەکە بە تەواوی بۆمباران بکرێت و هێزی زەمینی ڕەوانە بکرێت لە ڕێگەی هەلیکۆپتەرەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووخانی تەواوی کەمپەکە، هەروەها گرتن یان کوشتنی ڕزگاربووەکانی ئەنسار و ئاشکراکردن و کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی تەواو لەسەر بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری لەبارەی گروپەکە یان کەرەستەی پروپاگەندەیی کە سوودمەند بێت بۆ پاساودانی هێرشەکە. هێرشە زەمینییەکە وادانرابوو کە لەلایەن تیمی هێزە تایبەتەکانی ئۆپەراسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە ئەنجامبدرێت،

**ژمارەیەك لە ئەندامەکانی ئەلقاعیدە ئەفغانستانیان جێهێشت و بە نهێنی هێنران بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی ئەنسارولئیسلام**

بە پشتگیری هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
پلانەکە وادانرابوو ئەم هێزە تایبەتانە بە هەلیکۆپتەر بە نهێنی لەشەودا بگوازرێنەوە بۆ خورماڵ.
بە پێی وتەی یەکێک لە جەنەراڵەکانی هێزە ئاسمانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بەشداریکردووە لە پلاندانانی ئۆپەراسیۆنەکە، نیگەرانی تاکتیکی لەسەر پرۆسەکە ئەوە بوو کە خورماڵ ناوچەیەکی بەرزە لە ئاستی دەریاوە و دەورە دراوە بە شاخ لە هەموو لایەکەوە: « نیگەرانی ئێمە لەسەر ئەوە نەبوو چۆن بگەین بە ئامانجەکە، ئێمە نیگەران بووین لەوەی چۆن لێی دەرچین و ڕزگارمان بێت». سەرەڕای سەختی جوگرافی ناوچەکە و نیگەرانی بەردەوام لەسەر بوونی گەردەلولی تۆز کە ڕەنگە بینایی هەلیکۆپتەرەکان لەدەست بدات، جەنەراڵەکەی هێزە ئاسمانیەکان پێیوابوو کە ئۆپەراسیۆنی خورماڵ شایەنی ئەنجامدانە، بەڵام ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و قورسی دەبێتەوە. بەرپرسەکان لە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان بەشێوەیەکی سەرەتایی بە دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپایان ڕاگەیاند بوو، کە چەند مانگێکی دەوێت تاوەکو تیمەکانیان ئامادە بن، چونکە ئەوان سەرەتا پێویستە کەمپێکی هاوشێوەی کەمپی خورماڵ دروست بکەن بۆ شەڕکردن لە دژی و تاقیکردنەوەی تواناکانیان. بەم شێوەیە بەرپرسەکان لە هێزە تایبەتەکان داوای کاتی زیاتریان دەکرد بۆ پلان و ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنەکە، بەڵام دەستەی ئەرکانی هاوبەش بەئەوانی وت کە داواکاری بۆ دواخستنێکی لەم شێوەیە بۆ خورماڵ قایلکەر نییە، بەرپرسەکان لە هێزە تایبەتەکان پرۆسەی پلانەکەیان خێراتر کرد بۆئەوەی لەگەڵ کاتی دیاریکراو ئامادە بن. لە کۆتا هەفتەی مانگی حوزەیران، دەستەی ئەرکانی هاوبەش پلانەکەیان بۆ هێرشکردنە سەر خورماڵ ڕادەستی کۆشکی سپی کرد، پێشنیاری ئەوەیان کرد بوو کە ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی- زەمینی ئەنجامدەدرێت لە پێنج شەممە، بەرواری ٤ تەمووزی ٢٠٠٢. دەنگدانی فەرمی نەدرا لەسەری، هەروەک پاڵپشتییەکی بەهێز و کۆدەنگ هەبوو لە نێوان هەر شەش بەرپرسەکەی دەستەی ئەرکانی هاوبەش بۆ هێرشکردن. ئەوەی جێگەی تێڕامان بوو دەربارەی هێرش بۆ سەر خورماڵ ئەوە بوو کە لە هەمان کاتدا دەستەی ئەرکانی هاوبەش ویستنیان خۆیان بەدور بگرن لە جەنگ لە گەڵ عێراق، پێیان وابوو کە هێزی زەمینی تەواو و پشتگیری لۆجستی تەواو بەردەست نەبوو بۆ دەستپێکردنی جەنگێکی نوێ ڕاستەوخۆ لە دوای جەنگی ئەفغانستان.

## هەڵسەنگاندنی لێکدانەوەکان کە بۆچی خورماڵ هێرشی نەکرایە سەر

بەرپرسە مەدەنییەکان لە پنتاگۆن و نوسینگەی جێگری سەرۆک و بەرپرسەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی زۆر پاڵپشتی هێرشیان دەکرد بۆسەر خورماڵ. لەکاتێکدا زۆرێک لەبەرپرسە مەدەنییەکان لە دەزگا ئاسایشییە نەتەوەییەکانی تر دژی هێرش بوون. بڕیاری کۆتایی لەلایەن سەرۆک بۆشەوە «نەخێر» بوو بۆ هێرشکردن. هیچ کام لەو بەرپرسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە لەم بابەتەدا لێکدانەوەیەکی ڕوونیان نەبوو، کە بۆچی سەرۆک ئەو بڕیارەی دا. جەنراڵ ڕیچارد مایەرس کە ڕاستەوخۆ بەشوێن مەترسییەکانی بوونی ئەگەری چەکی کۆمەڵکوژی شاراوە بوو لە خورماڵ لە سەرەتاکانی ٢٠٠٢، دەڵێت «ئەوە زۆر قورس بوو بۆ من تێبگەم لەوەی کە بۆچی بەرپرسە مەدەنییەکان لەسەر ئاستی باڵای حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتگیری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سنورداریان نەدەکرد لە دژی ئەنسارولئیسلام.»

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە لە کاتێکدا کۆدەنگییەکی تەواو هەبوو لە نێوا دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپا و فەرماندەکانیان - هەروەها لە نێوان ڕاوێژکارە سەربازییە سەرەکییەکانی سەرۆک بۆ بەکارهێنانی هێزی سنوردار بۆ سڕینەوەی کەمپی خورماڵ، بۆچی سەرۆک لە کۆتاییدا ڕەتکردنەوەی هەڵبژارد؟ لەسەر بنەمای ئەو چاوپێکەوتنانەی کە کراوە لە گەڵ ئەو بەرپرسانەی کە زۆر نزیکبوون لە دروستکەرانی بڕیاری ئاسایشی نەتەوەیی لەو کاتەدا، هەروەها لێدوانەکانی بەرپرسە حکومییەکان و ئۆماری هەواڵەکانی ئەو کاتە چوار ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی قایلکەر شرۆڤە کراوە. لە کاتێکدا هەریەکێکیان بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری هەبووە لە سەر بڕیارەکە، لێکدانەوەی سەرەکی لەسەر ئەوەی کە بۆچی سەرۆک هێرشکردنە سەر خورماڵی دواخست بەهۆی ئەو نیگەرانیانەوە بوو کە ڕەنگە هێرش بۆ سەر خورماڵ ئامانجی سەرەکی کۆشکی سپی کە گۆڕینی ڕژێم بوو لە عێراق بخاتە مەترسیەوە. لە خوارەوە ئەو چوار لێکدانەوەیە باسکراوە کە بووە هۆی ئەوەی بۆش هێزی سنوردار بەکارنەهێنێت لەدژی خورماڵ لە ٢٠٠٢.

### یەکەم: مەترسییەکە ئەوەندە گەورە نەبوو

هەندێک لە دەزگا میدیاییەکان ئاماژەیان بەوەکردووە کە بەرپرسەکانی ئیدارەی بۆش پێیان وابوو کە کەمپی خورماڵ زۆر «بچوک و سادەیە» و مەترسی و هەڕەشەی ڕاستەوخۆی نییە بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەبەرئەوە هێرشکردنە سەری پێویست نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم لێکدانەوەیە بەهەڵەدابرا

> **پێش ٢٧ ئاياری ٢٠٠٢، دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپا یەکەم فایلی هەواڵگریان دەربارەی خورماڵ پێگەیشت**

بەو ڕاستییەی کە هەڕەشەی چەکی کۆمەڵکوژ لە خورماڵ و زەرقاویەوە وادانرا کە ڕاستی بوو. جۆرج تێنێت کە ماوەیەکی زۆر پێش جەنگ خەریکی بەدرۆ خستنەوەی ئەو بانگەشانە بوو کە باسی لە بوونی پەیوەندی نێوان ئوسامە بن لادن و سەدام حسێن بوو. جۆرج تێنێت، زەرقاوی وەک هاریکار و هاوبەشێکی پێشکەوتووی ئەلقاعیدە وەسف دەکات کە چاودێری ئۆپەراسیۆنەکانی کردووە لە خورماڵ، و شانەی

تیرۆریستی هەبووە زیاتر لە ٣٠ دەوڵەتدا. جۆرج بەم شێوەیەی خوارەوە باسی خورماڵ دەکات، ئەو دەڵێت « یەکێک لەو کەمپانە لەلایەن ئەنسارولئیسلام بەڕێوە دەبرێت ناسراوە بە خورماڵ، کاریان لەسەر بەرهەمهێنان و مەشقپێکردن لەبەکارهێنانی گازی ژەهراوی کردووە. سەرچاوە هەواڵگریەکان بە ئێمە دەڵێن کە پیاوەکانی زەرقاوی ئاقیکردنەوەی ئەو ژەهرەیان کردووە لەسەر گیانلەبەر و بەلایەنی کەمەوە لەسەر یەکێک لە شوێنکەوتووەکانیان ... هەوڵەکانی ئێمە بۆ چاودێریکردنی چالاکییەکانی ئەندامەکانی سەر بە کەمپی خورماڵ بوو، لە دەرەنجامدا نزیکەی سەد ئەندامی زەرقاوی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا دەستگیر کران.»

لە کاتی پێشکەشکردنی وتاری وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆلین پاوڵ لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی شوباتی ٢٠٠٣دا دەربارەی ئەوەی کە « ویلایەتە یەکگرتووەکان چی دەزانێت دەربارەی چەکی کۆمەڵکوژی عێراق و هەروەها نێوەگلانی عێراق لە تیرۆردا». ئاماژەی بە زۆرێک لە زانیارییە هەواڵگریەکانی جۆرج ئێنێت کرد. پاوڵ ڕایگەیاند کە زەرقاوی پەیوەندی هەبووە لە گەڵ بن لادن و هەندێک لایەن لە بەغدا و یەکێک لە ئەندامە لێهاتووەکانی زەرقاوی گازی ژەهراوی بەرهەم هێناوە. هەروەها پاوڵ ئاماژەی بە مەترسی خورماڵ کرد و چۆن ئەو گازە ژەهراوییەی لە خۆرماڵ بەرهەم دێت مەترسییە بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان.

لە کاتێکدا دواتر ئەوە نیشاندرا کە بەشێکی زۆری زانیارییە هەواڵگرییەکانی پێش جەنگ لەسەر عێراق هەڵە بوو، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٢ بۆ سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ مەترسی و هەڕەشەی ئەنسارولئیسلام وەک بەرهەمهێنەرێکی شاراوەی چەکی کۆمەڵکوژ و زەرقاوی وەک هاوبەشێکی ئەلقاعیدە بەشێوەیەکی فراوان لە نێو بەرپرسەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان پەسەند کرابوو. زیاتر لەوەش، دەستەی ئەرکانی هاوبەشی سوپا پێیان وابوو کە ئەو مەترسیانە بەسن بۆ ئەوەی لە بەرچاو بگیرێن بۆ هێرشکردن و وێرانکردنی. کۆشکی سپی مەترسی هەڕەشەی ئەنسارولئیسلام و زەرقاوی قۆستەوە و زیادەڕەویان کرد لە پەیوەندیان بە ڕژێمی سەدام حسێن لە بەغدا - بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ جەنگی عێراق بە بێ گوێدانە ئەو ڕاستییەی کە ئەوان خۆیان بە هەڕەشە دەزانی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٢. زیاتر لەوەش، لە ژێر ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی ئیدارەی بۆش کە بۆ دوای ١١ سێپتەمبەر دارێژرا بوو، جەختی دەکردەوە لە سەر هەڵتەکاندنی بنکە و بارەگای تیرۆریستەکان و ڕێگەگرتن لێیان لەوەی کە چەکی کۆمەڵکوژ بەرهەم بێنن.

## دووەم: نەبوونی زانیاری هەواڵگری پێویست بۆ جێبەجێکردن

یەکێکی تر لە لێکدانەوەکان کە پێشنیارکرابوو لەلایەن وتەبێژی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە ئەوە بوو کە» لەبەرئەوەی هیچ کاتێک زانیاری هەواڵگری تەواو نەبووە لەسەر ئەوەی کە بیسەلمێنی زەرقاوی لە خورماڵ بووە، بۆیە هێرش کردنە سەر کەمپەکە کاریگەری نابێت.» ئەم سوربوونە دوو پرسی سەرەکی پشتگوێدەخات.

یەکەم، لە کاتێکدا مەحاڵە بزانرێت کە ئەگەر زەرقاوی لە خورماڵ بووە یان نا لە هەر کاتێکی دیاریکراو لە ساڵی ٢٠٠٢، بەڵگە هەیە کە زەرقاوی لەوێ بووە. مایکل شویر ڕوایژکاری تایبەتی سەرۆکی ڕووبەڕووبوونەوەی یەکەی بن لادن لە سی ئای ئەی، نوسیویەتی کە :» لە ماوەی هاوین و پایزی ٢٠٠٢ ئاستی زانیارییە هەواڵگرییەکان لەسەر زەرقاوی لەئاستێکی بەرزدا بوو، کاربەدەستان گەیشتنە خاڵێک کە بەشێوەیەکی ڕۆتینی و متمانە پێکراو شوێنی زەرقاویان دیاری دەکرد». هەروەها بەڕێوەبەری ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لیزا گوردن-هاگرتی دەڵێت « بەدڵنیاییەوە خورماڵ کەمپێکی بەهێز بوو، ئێمە دەمانزانی کە چەند کەسێکی دیاریکراو لەوێن لە ناویشاندا زەرقاوی.» بەرپرسێکی نادیاری هەواڵگری ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بەشداربووە لە پلانی

هێرشـکردنە سـەر خۆرماڵ دەڵێـت زەرقاوی لـەوێ بـوو ( لـە خورمـاڵ)، ئێمـە زانیمـان ئـەو لـە کوێیـە، ئێمـە نەمانتوانـی هیـچ کەسـێک بجوڵێنیـن بـۆی. هەروەهـا بەرپرسـە هەواڵگریەکانـی کوردسـتان بـە هەمـان شـێوە پێیانوابـوو زەرقـاوی لـە کەمپـی خورماڵـە.»

دووەم، پێشـنیاری بەکارهێنانـی هێـزی سـنوردار بـۆ مەبەسـتی سـڕینەوە و لەناوبردنـی گروپێکـی تیرۆریسـتی بـوو کـە پەیوەنـدی نێودەوڵەتـی هەبـوو کـە دەوتـرا چەکـی کۆمەڵکـوژ بەرهـەم دەهێنـن، نـەک بـۆ کوشـتنی تیرۆریسـتێکی دیاریکـراو (زەرقـاوی). لـە ئابـی ٢٠٠٢، زانیـاری هەواڵگـری تـەواو هەبـوو بـۆ هێرشـکردن و نەهێشـتنی مەترسـی ئەنسارولئیسـلام لـە خورمـاڵ. ئـەم هەلـە بـێ وێنەیـە بـۆ هێرشـکردنە سـەر خۆرماڵ لەگەڵ دزەکردنـی دەنگـۆی ئەگـەری هێرشـی سـەربازی بـۆ سـەر خورمـاڵ، کۆتایـی هـات . لـە کۆتایی مانگـی ئەمموز و سـەرەتای مانگـی ئـاب، بابەتێـک لـە دەزگای ڕاگەیاندنـی تورکـی بڵاوبـووەوە کـە ئاماژەی بـە هێرشـی سـەربازی بۆ سـەر خۆرمـاڵ بەسـەرکردایەتی ئەمەریکا کردبـوو. لـە سـەرەتاکانی ئـاب، هەروەهـا حکومەتـی تورکیا زانیـاری هەبـوو لـە سـەر پلانـی هێرشـکردن و هۆشـداریان دایـە بەرپرسـە هەواڵگرییەکانیـان کـە لـە باکـوری عێـراق بـوون. لـە ئێـوارەی ١٩ ئـاب تـۆڕی هەواڵـی ABC)) ڕایگەیانـد کـە ئەندامەکانـی ئەلقاعیـدە لـە ژێـر پارێـزگاری ئەنسارولئیسـلام خەریکـی تاقیکردنـەوەی گازی ژەهراوین. گفتوگـۆکان لـە نێـوان بەرپرسـەکانی ئیـدارەی ئەمەریـکا بەردەوام بـوو تاوەکـو چیرۆکـی هێرشـکردن لـە کۆتاییـدا دزەی کـردە نـاو دەزگای ڕاگەیاندنـی ئەمەریـکا. لـە کۆتایـی مانگـی ئابـی ٢٠٠٢، گفتوگـۆی هێرشـکردنە سـەر ئەنسارولئیسـلام بـە تەواوەتـی داخـرا. ئەندامانـی کۆنگرێـس و بەرپرسـە هەواڵگـری و سـەربازییەکان بـە بەردەوامـی پرسـیاریان لـە بەرپرسـانی ئیدارەکـەی بـۆش دەکـرد بـۆ پێدانـی وەڵامـی کۆتایـی لـە بارەی هێرشـکردنە سـەر خۆرمـاڵ. لـە کانونـی دووەمـی ٢٠٠٣، گفتوگـۆی هێرشـکردنە سـەر خورمـاڵ جارێکـی تـر بەشـێوەیەکی کـورت سـەری هەڵدایـەوە کاتێـک جێگـری وەزیـری بەرگـری یاداشـتنامەیەکی پێشکەشـکردن کـە تیایـدا سـێ ئامانجـی دیاریکردبـوو بـۆ هێرشـکردنە سـەر خورمـاڵ ئامانجەکانیـش بریتـی بـوون لـە سـڕینەوەی ئەگـەری بوونـی چەکـی کۆمەڵکوژ، لەناوبردنـی مەترسـی هەڕەشـەی سـەربازی گروپەکـە بـۆ سـەر ویلایەتـە یەکگرتـووەکان، تورکیـا و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان، دورسـتکردنی ناوچەیەکـی فراوانتـر بـۆ ویلایەتـە یەکگرتـووەکان بـۆ شـەڕکردن لـە دژی بەغدا و زیادکردنی فشارەکان لەسـەر سـەدام حسـێن. پرسـی هێرشـکردنە سـەر خورمـاڵ زۆر سـەرنجراکێش نەبـوو لـە نێـوان بەرپرسـەکانی کۆشـکی سپی لەبـەر ئـەو هۆکارانـەی لـە خـوارەوە بـاس دەکرێـت. ئـەوە چەنـد هەفتەیـەک پێـش دەسـتپێکردنی هێرشـی زەمینـی بـوو بـۆ سـەر عێـراق لـە مارسـی ٢٠٠٣، کـە کۆشـکی سـپی بە فەرمی هەڵبـژاردەی هێرشـی سـەربازی بـۆ سـەر خورمـاڵ ڕەتکـردەوە و کـە پێشـتر پێشـنیار کرابـوو لەلایـەن دەسـتەی ئەرکانـی هاوبەشـی سـوپای ویلایەتـە یەکگرتـووەکان.

**سێیەم: لەئەگەری شکستدا باجی سیاسی زۆر قورس دەبوو**

لێکدانـەوەی سـێیەم ئەوەیـە کـە کۆشـکی سـپی پێیوابـوو ئـەو دەرەنجامـە خراپـە سیاسـیانەی کـە لـە شکسـتی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکە دەکەوێتـەوە لـە ئاسـتێکی بـەرزدا دەبێـت. سـێ جـۆر لـە شکسـت هەبـوو کـە بەرپرسـە ئیدارییـەکان نیگـەران بـوون لەبارەیـەوە ئەوانیـش: سـەربازی ئەمەریکـی ڕەنگـە بکوژرێـت لـە هێرشـەکەدا، هێرشـەکە ڕەنگـە ببێتـە هـۆی قوربانـی مرۆیـی، یـان ڕەنگـە ئامانجـە سـەربازییەکە بـەدی نەیـەت. ئـەم کێشـە ئەگەراوایانـە هـۆکار بـوون لـە چەندیـن نمونـەی تـر بـۆ بەکارنەهێنانی هێزی سنووردار لەلایـەن ویلایەتـە یەکگرتووەکانـەوە. لـە کاتێکـدا سـوپا پلانـی هێـرش کردنـە سـەر خورماڵـی دادەنـا، دەزگای هەواڵگـری سـی ئـای ئـەی و وەزارەتـی دەرەوە سـەرقاڵی دارشـتنی پاسـاوە هەواڵگرییـەکان بـوون بـۆ هێرشـەکە و وەڵامدانـەوەی هـەر پرسـیارێک لـە بـارەی ڕەوایەتـی نێودەوڵەتـی هێرشـەکەوە کـە دەکرێـت.

پشـتگیری هاوڵاتیانـی ئەمەریـکا بـۆ هێرشـکردنە سـەر خورمـاڵ ناڕادەیەکـی زۆر بوونـی هەبـوو، هـەروەک دوای هێرشـەکانی ١١ سـێپتەمبەر ڕایگشـتی ئەمەریکا بـە توندی پشـتگیری ئۆپەراسـیۆنی سـەربازیان دەکـرد لـە

دژی ڕێکخراوە تیرۆریستییە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی گرنگیان بە بەرهەمهێنان یان بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ دەدا. هەشت لە دەی ئەمەریکییەکان هاوڕابوو لەوەی کە چۆن ئیدارەی بۆش جەنگی لەدژی تیرۆریزم بەڕێوە بردووە. زیاتر لەوەش، تەنانەت پێش هەوڵەکانی کۆشکی سپی بۆ پاساودانی گۆڕینی ڕژێم لە عێراق، زۆرینەی ئەمەریکییەکان بەکارهێنانی هێزیان پێ باش بوو بۆ ڕووخاندنی سەدام. بەم شێوەیە، هێرشی سەربازی سنوردار لە دژی گروپێکی تیرۆریستی کە دەوترێت پەیوەندی هەیە لە گەڵ ئەلقاعیدە بە تەواوی پشتگیری دەکرا لەلایەن ڕایگشتی ئەمەریکییەوە لە ٢٠٠٢.

**چوارەم: هێرشکردنە سەر خورماڵ ڕەنگە هەڵبژاردەی ڕووخاندنی سەدام حسێن لەباربەرێت یان خێراتری بکات**

لە کاتێکدا سێ لێکدانەوەکەی پێشوو ڕەنگە ڕۆڵێکی لاوەکیان گێڕا بێت، بەڵام گرنگترین هۆکار کە بۆچی ئیدارەکەی بۆش هێرشی سەربازی ئەنجام نەدا بۆ سەر خورماڵ ئەوە بوو کە لە مانگی ئابی ٢٠٠٢، بڕیاری نافەرمی لەو بارەیەوە درا بەوەی ئەگەر دەسەڵاتی سەدام حسێن نەڕوخێنرێت، باشتر وایە هیچ چالاکییەک ئەنجام نەدرێت کە ڕەنگە کۆسپ بخاتە بەردەم گۆڕینی ڕژێم لە عێراق، یان دەستپێکردنی جەنگ لە گەڵ عێراق لە پێش وادەی خۆی. بەڵگە بۆ ئەم سوربوونە لە چەندین سەرچاوەدا ئاماژەی پێکراوە. یەکەم، لە نیسانی ٢٠٠٢ سەرۆک جۆرج بۆش بە ڕوونی ڕایگەیاند و وتی « من بڕیارم داوە کە سەدام پێویستە بڕوات... سیاسەتی حکومەتەکەم ئەوەیە کە ئەو دەڕوات.» دووەم، لە سەروبەندی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، بەرپرسە باڵاکانی ئیدارەکە کاردانەوەیان هەبوو لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری ناڕوون و ئاماژەیان بەوە کرد لە کاتێکدا «ڕاستەوخۆ لە دوای ئەنجامەکانی ١١ سێپتەمبەر... جەختکردنەوە لەسەر ئەفغانستان، ئوسامە بن لادن و ئەلقاعیدە بوو... ئەوە لە نیوەی یەکەمی ٢٠٠٢ بوو هەموو ئەمانە گۆڕان. سەرۆک بۆش بیرۆکەی گۆڕینی ڕژێمی لە عێراق کردە کاری لەپێشینەی سەرەکی.» سێیەم، کاتێک لە سەرەتاکانی ئەمموزی ٢٠٠٢ بەرپرسێکی ویلایەتە یەکگرتووەکان پرسیاری لە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی کۆندۆلیزا رایس کرد لە بارەی ئەوەی کە ئایا ئیدارەی بۆش دەیەوێت عێراق داگیر بکات لەسەر حیسابی جەنگی دژی تیرۆریزم، رایس وەڵامی دایەوە و وتی « ئەوە بڕیاری لێدراوە».

یەکێکی تر لە نیگەرانییەکان دەربارەی هێرشکردنە سەر خورماڵ پەیوەست بە ئامانجی کۆتایی گۆڕینی ڕژێم ئەوە بوو کە ئەم هێرشە ڕەنگە گەشە بکات بۆ جەنگێکی گشتگیر پێش ئەوەی پلانی سەربازی و دیبلۆماسی و سیاسی تەواو بێت لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە. بەشێوەیەکی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەترسا لەوەی کە عێراق جەنگ هەڵگیرسێنی پێش ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پلانی داگیرکردنی عێراق تەواو بکات.

**ئاسەوار و هەڵسەنگاندنەکان**

هەروەک دەسنەی ئەرکانی هاوبەشی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشبینیکرد ڕووخاندنی کەمپی خورماڵ لە هاوینی ٢٠٠٢ دەیسەلمێنێت کە ئەرکێکە شایەنی جێبەجێکردنە لەلایەن سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانی کورد. لە ڕۆژی دووەمی جەنگی داگیرکردنی عێراق لە ٢١ ئازاری ٢٠٠٣ ئۆپەراسیۆنی «ڤیکین هەمەر» دەستپێکرد، ئەم ئۆپەراسیۆنە وەشاندنی ٦٤ مووشەکی دەریایی تۆماهۆکی بۆ سەر کەمپەکەی خورماڵ و چواردەوری لەخۆگرت بۆ وێرانکردنی کەمپی خورماڵ. دواتر لە ٢٨ ئازاری هەمان مانگ هەزاران پێشمەرگەی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پشتگیری هێزێکی تایبەتی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان چوونە سەر پاشماوەی چەکدارەکانی ئەنسارولئیسلام و ناوچەکەیان کۆنترۆڵکرد. دوای چوار ڕۆژ لە جەنگێکی قورس، کەمپی خورماڵ بە سەرکەوتوویی لە ناوبرا و کۆنترۆڵکرا. سەدان چەکداری ئەنسارولئیسلام کە ڕزگاریان بووبوو لە هێرشی مووشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و جەنگە زەمینییەکە هەڵهاتن بۆ سنورەکانی ئێران، دواتر

هەندێک لەو چەکدارانە گەڕانەوە بۆ پەیوەندیکردن بە یاخیبووە سوونەکانی عێراق.
بڕیاری ئیدارەکەی بۆش بۆ بەکارنەهێنانی هێزی سنوردار لە دژی کەمپی ئەنسارولئیسلام لە خورماڵ لە هاوینی ٢٠٠٢ یەکێک بوو لە هەڵە تاکتیکییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، چونکە دواتر ئەندامانی ئەم گروپە کێشەی زۆریان بۆ ستراتیجی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق دروستکرد. دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان باشترین هەلی خۆی لەدەستدا بۆ هێرشکردنە سەر ئەنسارولئیسلام لە خورماڵ، کە ئەگەر هێرشەکە ئەنجامبدرایە ڕەنگە ئەبو موسعەب زەرقاوی بکوژرایە لە خورماڵ کە دواتر بووە باڵێکی تیرۆریستی توند لە عێراق و کێشەی زۆری بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان دروستکرد.
لەسەرو بەندی هەڵگیرسانی جەنگ لە عێراق هەڵسەنگاندێکی هەواڵگری لەلایەن لیژنەی هاوبەشی هەواڵگری بەریتانیاوە هۆشداری دابوو لەوەی کە « لە مانگی یەنایەری ٢٠٠٢ەوە یەکێک لە یاریدەدەرە باڵاکانی ئەلقاعیدە ئەبو موسعەب زەرقاوی شانەی خەوتووی دورستکردووە لە بەغدا، بۆ ئەوەی چالاک بکرێنەوەی لە ماوەی داگیرکردنی ئەو شارە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، وادەردەکەوت ئەم شانانە دەیانویست هێرش بکەنە سەر ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی سەیارەی بۆمبڕێژکراو و جۆرەکانی تری چەکەوە. تیرۆریستەکانی سەر بە ئەلقاعیدە بەردەوام بوون لە هاتن بۆ بەغدا لە سەرەتاکانی مانگی ئازار. دوای حەوت مانگ لە داگیرکردنی عێراق، فەرماندەی دەستەی ئەرکانی هاوبەش بۆ ئۆپەراسیۆنەکان، ئەنسارولئیسلامی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی سەرەکی دژە ئەمەریکی لە عێراق ناساند.
ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئوسامە بن لادن هەردووولا بە شێوازی جیاواز ئاگادار بوون لە گرنگی پەرەسەندنی زەرقاوی وەک سەرکردەیەکی تیرۆریستی. لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢، وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان ٥ ملیۆن دۆلاری وەک خەڵات دانا لەبەرامبەر سەری زەرقاوی، ئەم بڕە دوو هێندە بوو لە مانگی شوباتی ٢٠٠٤، لە کۆتاییدا دوای چوار مانگ ئەو خەڵاتە زیاد کرا بۆ ٢٥ ملیۆن دۆلار، ئەم بڕە پارەیە دانرابوو بۆ هەرکەسێک کە زانیاری هەواڵگری دروستی لابێت کە بیانگەیەنێتە زەرقاوی جا بە دەستگیرکردنی بێت یاخود کوشتنی، هەروەها هەمان بڕ بۆ ئوسامە بن لادن خۆشی دانرا. لە ساڵی ٢٠٠٦ یەکەی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکان و فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتە هاوبەشەکان کە بەرپرس بوون لە دۆزینەوەی سەرکردە تیرۆریستییەکان درکیان بەوە کرد کە دۆزینەوەی زەرقاوی کاری لەپێشینە بوو وەک لە ئوسامە بن لادن یان جێگرەکەی ئەیمەن زەواهیری. لە دیسەمبەری ٢٠٠٤، پەیوەندی نێوان ئوسامەن بن لادن و زەرقاوی بووە ڕاستی و زەرقاوی خۆی خزاندبووە نێو ئەنسارولئیسلام، لە نامەیەکدا بۆ بن لادن، زەرقاوی ئامانجی خۆی ڕاگەیاند کە بریتییە « لە ڕاکێشانی شیعە بۆ نێو جەنگ لەبەرئەوەی ئەمە تاکە ڕێگەیە بۆ درێژە پێدانی جەنگ لە نێوان ئێمە و کافران». بەپێی هەندێک زانیاری هەواڵگری ئاشکرا کراو لەلایەن سەرۆک بۆشەوە، لە یەنایەری ٢٠٠٥، بن لادن زەرقاوی ڕاسپاردووە بۆ دروستکردنی چەند شانەیەک بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە دەرەوەی عێراق، ئەمەریکا کراوەتە ئامانجی سەرەکی ئەو هێرشانە. دیارترین هێرش لە دەرەوەی عێراق کە لەسەر زەرقاوی حیسابکرابێت برینی بوو لە هێرشی خۆکوژی بۆ سەر سێ هوتێل لە عمان، کە ٦٠ هاوڵاتی مەدەنی کوژران. ئەم هێراشانە هانی وڵاتی ئوردنی دا بۆئەوەی هاریکاری هەواڵگری زیاتر بکەن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە یارمەتیدەر بوو بۆ هێرشی ئاسمانی ٧ حوزیرانی ٢٠٠٦ کە تیایدا ئەبو موسعەب زەرقاوی کوژرا کاتێک ئەو خۆی حەشاردابوو لە ماڵێک بە دووری ٤٠ میل لە باکوری ڕۆژهەڵاتی بەغدا.

**سەرچاوە**


M ,Zenko. (٢٠٠٩). Foregoing Limited Force: The George W. Bush Administration›s Decision Not to Attack Ansar Al-Islam. Journal of Strategic Studies, ٣٢(٤), ٦١٥-٦٤٩.

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS